# چەمکی شێتی لە ڕۆمانی (تاریکستانی لم)دا



ڕێبوار حەمە تۆفیق

## زاراوەی شێتی

زاراوەی شێتی لەناو فەرهەنگی باوی کۆمەڵگەی ئێمەدا، هەڵگری مانای لەدەستدانی ئەقڵ و ژیرییە. لە ئاستێکی زۆر بەرتەسکیشدا، بەو ئەو مانایە دێت کە ئەقڵ دەگاتە چڵەپۆپەیی‌و لەپێناو ئەو ڕێڕەوەی کە گرتویەتییە بەر، دێوانە دەبێت. ئێمە چەندان داستان و پەندی کوردیمان هەیە کە دەکرێت لەم لایەنەوە لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکەین. کەواتە دەتوانین بڵێین: کاتێك ڕێڕەوەکە لە بەردەم ئامانجی خۆی لادەدات، ئیتر دۆخەکە لە ئاساییبوونی خۆی دەکەوێت و یان ئەوەتا لە شوێنی خۆی دەوەستێت و مانای شێتی وەردەگرێت، یان دەرچو لە دابونەرێت و یاخی لەوەی کە بووە بە ئەنجامێ، مانای دێوانە وەردەگرێت. واتە وەلی دێوانەی "شەم"ە، کاتێك شەم نابێتە ئامانجی ئارەزوو و ئاواتی وەلی. فەرهاد دێوانەی "شیرین"ەو بە هەمان شێوەش شیرین دێوانەی فەرهادە. واتە دۆخی شێتی دۆخێکی وەستاو و بێبەرهەمە، بە پێچەوانەی دۆخی دێوانەوە کە دۆخێکی بە بەرهەم و وزەبەخشە، بەڵام لێرەدا دەبێت تێبینیی ئەوە بکرێت کە وزەبەخشە بۆ دەرەوەی خۆی، واتە فەرهاد وزەبەخش نییە بۆ خۆی کە گەیشتبێتە ئۆرجازمییەتی خۆشی و ئاسودەیی، بەڵکو وزەبەخشە بۆ نەرێتی قوربانیدان بۆ ئەشقی ڕاستەقینەو دیاریکردنی مۆدێلێکی خۆبەخشین بەپێی ویستی خۆی، بەڵام لەم ڕۆمانەشدا لەبەر ئەوەی کە ئەم دوو لایەنە لە یەکتری

جیا نەکراونەتەوە، بە ناچاری منیش لێرەدا زاراوەی شێتی بەکار دەهێنمەوە، ئەگەرنا ئەوەی لە ماناکانی ئەم ڕۆمانەدایە دیوانەبوونە نەك شێتی.

**باکگراوندی سەلاح عومەر**

سەرەتای کاری ئەدەبیی (سەلاح عومەر) دەگەڕێتەوە بۆ سی ساڵ بەر لە ئێستا، ئەوکاتەی کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا شیعری بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی کە (سەلاح عومەر)ی پێ ناسراوە بواری چیرۆکنووسینە، ئەو خۆی دەڵێت: (کە زانیم لە بواری شیعرادا سەرکەوتن بەدەست ناهێنم و بۆ چیرۆکنووسین خولقاوم، ئیتر وازم لە شیعرنووسین هێناو دەستم کرد بە کاری چیرۆکنووسین، ئەگەرچی لەپاڵ ئەم لایەنەدا لە بوارەکانی تریشدا وەکو بواری نووسینی دەقی شانۆیی، ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا پەیوەندیم هەیە..)1 منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو توانیویەتی لە بواری ڕۆماننووسیندا دەنگو ڕەنگ بێ، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە وەك خۆی دەڵێت: (ڕۆمان وەك زەرووڕەتێکی مێژوویی و شارستانی، کورد پێویستی بە ڕۆمان هەیە تا هەموو هەڵچون و داچونێکی ناخی پەنگخواردووی لەخۆبگرێ. ڕۆمان دنیایەکی سیحراوییە، نووسەر لەڕێی ڕۆمانەوە دەتوانێ ناخی بشکێنێ )2. وەڵامدانەوەی ئەم سەرنجە بوارێکی ترەو نامەوێ لێرەدا لەو تەوەرەیە بدوێم و بکەومە بەراوردکردنی لایەنەکانی ئەدەبیات و لقەکانی ترەوە، بەڵکو لێرەدا مەبەستم لەو جیهانبینییەیە کە لە تێکەڵەیەکی شیعرو چیرۆك دروستبووەو من پێم وایە ئەم تێکەڵییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستەی کە سەلاح لە هەردوو بوارەکەدا تیایدا شارەزا بووە.

سەلاح عومەر لە زۆربەی کارەکانیداو بە تایبەتی لەم کارەیدا بە شێوازو ڕەوتێکی ڕەخنەگرانە دەیەوێ لە کێشەو گرفتەکان بدوێ، هەوڵیداوە باس لەو کێشانە بکات کە زیاتر کۆمەڵیان تیا ونبووە وەك لە تاك. دەیەوێ لە کارەکانیدا قوڵ ببێتەوە بەناو جەستەی قارەمان و کەسایەتییەکان و قسە لەسەر سایکۆلۆجیایان بکات، دەیەوێت قسە لەسەر ئەو دیاردانە بکات کە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست نەبینراونەتەوە.

**ناوەڕۆکی ڕۆمانی (تاریکستانی لم)**

(تاریکستانی لم) ناونیشانی ڕۆمانی نووسەر (سەلاح عومەر)ە، کە لە چوارچێوەی (67) لاپەڕەداو لە چاپخانەی ڕۆشنبیر لە هەولێر ساڵی (1997) بەچاپ گەیەندراوەو نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (1991)، کە ڕووداو و ناوەڕۆکەکەی باس لە کارەساتی ئەنفال دەکاتو لەگەڵ چەمکی شێتیو دەسەڵاتدا گرێ دەدرێتەوە. سەرتاپای ڕۆمانەکە باس لە گەڕانەوەی ڕۆحێك دەکات کە لە تاریکستانی لمەوە (مەبەست ئەو جێگەیەیە کە جەستەکانی ئەنفالی تێدا شارراوەتەوە) بەڕێ کەوتووەو پاش چەندین ساڵ دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ شوێنو جێگای پێشووتری. قارەمانی ڕۆمانەکە، پیاوێکی پیری ڕیشو سمێڵ درێژی شەکەتە، کە لە تەمەنی لاوێتییەوە لە شار دەستگیریان کردوەو بەرەو (تاریکستانی لم) ڕاپێچیان کردوە... لە دایكو خوشکەکانی دابڕاوەو دەیەوێت لەڕێگەی بیرەوەریەکانیەوە جارێکی تر ماڵی باوکی (یوسفی قەساب) بدۆزێتەوە. کاتێك ڕۆحی لە جەستەی بەساڵاچووی نێو (تاریکستانی لم)دا دەگەڕێتەوەو ئەشقو خۆشەویستیی شارەکەی لەهەگبەدایە، منداڵو گەنجی شار بە شێتی دەدەنە قەڵەم، گاڵتەیان بە زمانەکەی دێت، گوێ لە قسەکانی ناگرنو بەردبارانی دەکەن. (پیرەمێرد)ەکە دەیەوێت پێیان بڵێ کە ڕێبوارێکەو لە سەفەرێکی دوورو درێژ لە (تاریکستانی لم)ەوە گەڕاوەتەوە، پێویستە ڕێزی بگرن، چونکە کەسێکی گەورەیەو لەخۆ بردوەو لە پێناوی کارێکی مرۆڤانەدا لەنێو (لمو تاریکستانی لم)دا نیوەی تەمەنی خۆی کردۆتە قوربانی، بەڵام لە ئاکامدا خەڵکی بە دڕندەو نامۆو شێتی دەدەنە قەڵەم، بۆیە ئەمیش بڕیار دەدات چیتر نەیاندوێنێو قسەیان لەگەڵدا نەکات، پاش تێپەڕبوونی ڕۆژگارێکی زۆر بۆ ماوەیەك خاوەن چاپخانەیەك بە ناوی (مام ئۆمەر) دەبێتە هاوڕێی، زۆری پێ ناچێت لەویش دادەبڕێ. تاوەکو لە بەشی (15)هەمینی ڕۆمانەکەدا، پاڵەوانی لاوەکی بەناوی

(دڵپاك) ناوێكەوە دەبێتە هاوڕازو نیازی. گوێ بۆ یەكتر دەگرن، لەیەكتر جیانابنەوە، ئەم دووانە بەسەرهاتی ژیانیان زۆر لەیەكەوە نزیكە. هەردووكیان تەنیا ماونەتەوەو هەردووكیان هەڵگری دوو بابەتی هاوچەشنن.

(پیرەمێرد)ی تاریكستانی لم، دایكو خوشكەكانی بە تۆمەتی ڕەوشت پیسی كوژراونو خۆشی ڕەوانەی تاریكستانی لم كراوە. (دڵپاك)یش هەردوو كوڕەكەی (إسماعیلو یوسف)ی لەدەست چووەو بەهەمان شێوە ڕەوانەی تاریكستانی لم كراوەو ئێستا ئەمیش وەك (پیرەمێرد) بەشێت لەقەڵەم دراوە، بەكورتی ئەم دوو پاڵەوانە دەبنەوە بە لەدایكبوونەوەی ژیانو گەڕانەوەی مانا بە دنیاو بە لەدایكبوونەوەی مردوەكان، بەڵام تێنەگەیشتنی كۆمەڵ لێیانو ڕێگری لە قسەكردنیانو (سیستەمی دەسەڵات) وا دەكات كە ماناكان سەرلەنوێ كپ بكرێتەوەو (دڵپاك) لە جەرگی سوتاویدا بكوژێتەوەو (پیرەمێرد)یش لە تاریكستانی شاردا لەگەڵ پێڵاودا دۆنادۆن بكات. پێڵاو بكاتە هەموو شتێ، خەون، مرۆڤ، ژیان... هتد. تا پیرەمێرد وای لێ دێت دنیای هەموو لێ دەبێتە پێڵاو و شاری پێڵاو، لە پێڵاودا دەخواتەوەو لەناو پێڵاویشدا دەخەوێت.

بەكورتی ئەم ڕۆمانە هەوڵدانە بۆ دەرخستنی چەمكە ونەكان وەكو چەمكی (شێتی– دەسەڵات– تێنەگەیشتن– بیرنەكردنەوە...)، دەیەوێت ئەو مانایانە جارێكی تر ڕاست كاتەوە كە ڕێڕەوی ڕەسەنی خۆیان ون كردوە. دەیەوێت بۆچونێكی تر بداتە شێت كە خەڵك هەر بە چەمكی لەدەستدانی ئەقڵ دەیبیننەوە. دەیەوێت ئەو ناحاڵیبوونە ڕوونبكاتەوە كە بۆچی كۆمەڵگە وا بیر دەكەنەوە؟ بۆچی یەك چاوو گوێ هەیە بۆ وەرگرتنی مانا؟ بۆچی (شێت) مانای نێگەتیڤی دراوەتە پاڵو وەك چەمكێكی ڕەها كۆمەڵ بەكاری دێنێ بۆ ڕەتكردنەوەی شتەكان؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تر دەكەونە چوارچێوەی ئەو باسەوە كە دەیەوێ قسە لەسەر بیركردنەوەی كۆڕو كۆمەڵ بكات.

**چەمكی شێتی**

شێتی زاراوەیەكە لە زۆر ڕەهەندی وەكو سایكۆلۆژیو پزیشكیو كۆمەڵایەتی دواتر لەناو هەندێ ڕەهەندی تریشدا بەكاردێت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە چەمكی (شێتی) لە هەر جێگایەكدا یەك ماناو پێناسە بگرێتەوە. چەمكی (شێتی) لە فەرهەنگە جیاوازەكاندا، بە زۆر ماناو پێناسە لێك دراوەتەوە، بەڵام ئەوەی كە لە هەموویان بڵاوتر بێت ئەو پێناسەیەیە كە لە بۆچوونێكی (دیكارت)3ییەوە سەرچاوەی گرتوە، كاتێك شێتی یەكسان دەكات بە كائینێك كە لە دەرەوەی ئەقڵەوەیەو پێناسەیەكی ڕەهای دەداتێو لە هەر بیركردنەوەو تێگەیشتنێك دووری دەخاتەوە، واتە هێڵێكی ڕاستو چەپ بەسەر شێتیدا دەهێنێتو شێتی لە گۆڕەپانی مەعریفەی شیاو وەدەر دەنێ، وەك لە عەرەبیدا بە (الخبل) هاتووە بە واتای (نەمانی توانا هۆشەكییەكان)4 ناو دەبرێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە جۆرێكە لە شێتبوونو پەیوەندیی بە (تاك)ێكی دیاریكراوەوە هەیە، زمانی كوردی لە ناوهێنانی جۆرەكانی (شێتی)دا زۆر هەژارەو تاكو ئێستا نەیتوانیوە پۆلێنی ئەم زاراوەیە بكاتو مانا كۆمەڵایەتییەكەی بگەیەنێت ، هەروەكو چۆن لە زمانەكانی تری میللەتانی پێشكەوتوودا كراوە، هەروەك لە زمانی (ئینگلیزیدا)5 دەبینرێت، هەر ئەمەش بووە كە وای كردوە لە ناوهێنانیدا لەناو كۆمەڵدا ڕاستەوخۆ كۆمەڵ مەدلولی ناهۆشیاریو كەسێك كە لە ئەقڵ بەدەر نرابێت لە پەنایدا دابنێت.

ئەوەی كە ئەم زاراوەیەی دەوڵەمەند كردو خستیە مشتومڕی فەلسەفیو فیكرییەوە، دراسە بەناوبانگەكەی (میشێل فۆكۆ) بوو، كە لەسەر (چەمكی شێتی) نووسیوێتیو چەمكی شێتیی جارێكی تر لە پێناسەیەكی نوێتردا داڕشتەوە، بەوەی كە جارێكی تر شێت دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو مێژوو و سەرنجەكانی لەسەر شێتی لە ئەقڵدا گرێ دەداتەوەو دەڵێت: ئێمە ناتوانین هەمیشە بە ئەقڵو ژمارەكاری بڕندەییو وردەكار بژین، شێتی

بمانەوێتو نەمانەوێت لە ناوماندایەو بە ناخماندا هاتوچۆ دەكات..6. بەمانایەكی تر شێت هەر ئەو مانایە نییە كە خەڵكی دەیناسن، بەڵكو شێت زۆرجار هەڵگری پەیامێكە، كە دەكرێت لەجیاتی بەردباران، بە گوڵ پێشوازی بكرێ.

(فۆكۆ) لە سەرنجەكانیدا ڕاستەوخۆ زاراوەی (شێتی) بەستەوە بە كاركردنی دەسەڵاتەوە، واتە ماناكانی شێتی لەو پەیوەندییەدا دۆزییەوە كە دەسەڵات لەسەر كەسەكانی داناوە، ئەگەرچی ئەم سەرنجدانەی (فۆكۆ) هەمیشە وەها نییە، بەڵام ئەمەش ڕێگە لەوە ناگرێت، كە ئەم پەیوەندییە نەبێت لە نێوان سیستەمی دەسەڵاتو خەڵكدا، بەڵكو ئەوەی كە كۆمەڵگەی كوردیی وا لێ كردوە كە لە مانای سەرەكیی (شێتی) بگەنو هەر بە مانای (ناهۆشیاریو لەئەقڵ بەدەر) بەكاری بێنن، ئەو ترسو سزایەیە كە دەسەڵات بەرامبەری داینراوە، جگە لەوەی كە دەسەڵات خۆشی بەرهەمهێنەری ئەو شێتییەیە. ڕۆمانی (تاریكستانی لم)یش هەموو هەوڵو وتەكانی لەو جێگەیەدایە كە ئەم جۆرەی شێتی بخاتە بەردەم لێكۆڵینەوەیەكی مێژووییەوە بۆ كەسێتیی كوردی لەناو ئەم زاراوەیەدا. واتە ئەوەی لێرەدا باسی لێوە دەكرێ چەمكی شێتییە كە لەڕێیەوە گفتوگۆی فەلسەفیمان هەبێتو بتوانین نهێنییەكانی تری پێ بدۆزینەوە، هەروەك چۆن (سەلاح عومەر) خۆی دەڵێت: "لەوێوە هەوڵی ڕەخساندنی كەشو هەوایەكی وا بدەین بۆ وروژاندنی ئەقڵی خوێنەرو بیكەین بە مەیدانی زۆرانبازیی بیری فەلسەفی" 7. لە ڕۆمانەكەدا (تاریكستانی لم) پاڵەوانەكە هەڵگری ماناكانی ئەو كەسەیە كە كۆمەڵ بە شێتی دەزاننو شێت نییە! بەڵكو پاڵەوانەكە دەیەوێت ئەو تێگەیشتنە بزانێت كە ئەم بە شێت دەزانێ، دیارە ئەوەی نوسەر دەیەوێت بیكات دروستكردنی پاڵەوانێكە كە بە هەموو ماناكان هەوڵدەدات ڕاستییەكان بگەڕێنێتەوە جێگەی خۆیان. بۆیە بە شێوەیەكی ئەفسانەیی جەستەیەك لەو جەستانەمان بۆ دێنێ كە لە كارەساتی ئەنفالدا كوژراوە، ئەویش (پیرەمێرد)ە كە هەموو تاوانو خراپەكاریو كارەساتەكانی دەسەڵات لەسەری دەردەكەوێت، كاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەكە لەو ئێوارەیەوە دەستپێدەكات كە پیرەمێرد بە سیمایەكی چڵكنو جلوبەرگێكی دڕاو و بە پێی خاوسی خۆی دەكات بە گۆڕەپانی ناوشاردا "ئەو گۆڕەپانەی پاش ساڵانێكی دوورو درێژ بۆ یەكەمین جار قاچی نایەوە سەری"8 لە ناوەڕاستی گۆڕەپانداو بۆ دەربڕینی هەستو نەستە خەفەبوەكانی بەرامبەر بە شارەكەی، دەكەوێتە خۆڵپژاندنو وەك گوڵاو خۆڵو وردە بەردەكان بەسەر جەستەی خۆیدا دەپژێنێو خۆی لەنێو ئەو تۆزو خۆڵەدا وەر دەدا، بە دەنگی بەرز دەست دەكات بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەكانی "دەتگوت سەردولكە بەسەر مردوودا هەڵدەڵێ، دەنگی هەنسكدانو نوزاندنەوەیەكی پڕ كەسەر لە قورگیا تێكەڵ بە ئەوینو عیشقێكی هەمیشەیی بووبوو"9 .

كردنی ئەم حەزو ئارەزوە شێتانەی كە كەسێكی ئاسایی نایكات وا دەكات كە بە شێتی لەقەڵەم بدەن. واتە لێرەوە (پیرەمێرد) خۆی لەبەردەم دیوارێكی ئەستور لە گومانو سەرسوڕمان، گومانێكی جەرگبڕدا بینییەوە لە نێوان خۆیو خەڵكدا "هەڵسوكەوتی پیرەمێرد، كە وەك منداڵ خۆی لە تۆز وەردەداتو جلوبەرگو قژی درێژو نارێكی بەژنو باڵای زیاتر ئەوەی لاچەسپاندن ، كە ئەویش یەكێكە لەو شێتانەی ڕۆژانە ڕوو لەم شارە دەكەن"10

لێرەوەیە هەر كات پیرەمێرد بیەوێت بدوێتو باس لە ئەنفالو ڕابردووی بكات بەرامبەر بە (شێت)یو كۆرفامو كەمئەقڵ خۆی دەبینێتەوە، بۆیە پیرەمێرد هەموو



هەوڵەکانی لە گەیشتنی پەیامەکەیدا ناگات بە ئەنجامو پیرەمێرد ناچار دەکات واز لە کۆمەڵ بێنێو گفتوگۆکان لە خەڵکەوە بۆ (دڵپاك)ی هاوڕازی بگوێزێتەوە کە ئەویش لە سەرنجی کۆمەڵدا شێتە. ئەم دوانە بوونە هاوڕێو هاودەمی دەردو خەمی یەکتر، بەڵام دیسان تێگەیشتنی کۆمەڵ دەبێتەوە لەمپەر لەبەردەم نزیکبوونەوەی دڵپاكو پیرەمێرددا، تا لەئاکامدا (دڵپاك) جەستەی بە مەرگ دادەبڕێو پیرەمێردیش لەناو تاریکستانی شاردا لەناو پێڵاودا ون دەبێت، "شەوان ئەو شوشە ئارەقو پێڵاو پێکەوە دەچوونە ئامێزی یەکترىو خەونی خۆشیان دەبینی"11

دیارە گەلێ هۆکار هەن کە وا لە کۆمەڵ دەکەن تێگەیشتنی (کەم ئەقڵو نەفام) بدەنە پاڵ پیرەمێرد، لەوانە (ترس)، ئەو ترسەی کە دەسەڵات لە جەستەی کەسەکاندا چاندوویەتی، یان بیر نەکردنەوەو هەوڵنەدان بۆ تێگەیشتن لەو حەقیقەتەی کە ناوی ئەنفالە. گەلێ هۆکاری تری وەك (دەسەڵات) کە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خەڵکیدا هەیە، ئەمە جگە لەوەی فاکتەرێکی گرنگی دروستکەری ئەم (شێت)ییەی پیرەمێردەکە بە دوورودرێژی لەسەری دەدوێن .

ئەگەر ئێمە (شێتی) وەك نێوەندێك لە نێوان ئەقڵی دواکەوتوو و ئەقڵی پێشکەوتوودا دابنێین، ئەوا دەتوانین بڵێین چەمکی (دەسەڵات) لە دیاریکردنی چۆنێتیو چەندێتیی (شێتی)دا، بوونێکی کاریگەری هەیە، بەجۆرێك کەم تا زۆر بەرهەمهێنەری جۆرەکانی (شێتی)یە، چونکە بۆ لەدایکبوونی شێتی مێژوویەك هەیە، جێگەیەك هەیە، هەروەها فاکتەرێکیش هەیە، کە بەرهەمی دێنێ، لە دەسەڵاتێکەوە تاوەکو دەسەڵاتێکی تر، شێوەی ئەم بەرهەمهێنانە لەگۆڕاندایە، چونکە ئەگەرچی شێتی لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە لەدەستدانی ئەقڵ، بەڵام خودی شێتییە کە جیاوازیی لەگەڵ یەکتریدا هەیەو لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر دەگۆڕێ، بەمانایەکی تر ئەگەرچی (شێتی) وەك دەرئەنجام لە هەر جێگەو ڕێگەیەکدا بێت هەر بریتیە لە شێتی، بەڵام فاکتەری شێتی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر لە گۆڕاندایە، وەك چۆن زۆرترین جۆری شێتی لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا لەوێوە سەرچاوەی گرتوە کە گەیشتنە بە دواسنوری ئەقڵ، ئینجا شێتی دێتە بوون، بەڵام لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا لە سنووری پێش گەیشتنە بە ئەقڵ. کۆمەڵگەی کوردی لە سنوری دیاریکردنی ئەم پۆلێنکاریەدا دەکەوێتە بەردەستی دەسەڵاتێك، کە بەدرێژایی بوونی، نەك هەر ویستوێتی شێتی بەرهەم بهێنێت، بەڵکو ویستوێتی ناسنامەی کەسێتیو نەتەوەییشی لـێ زەوت بکات، لە بەرامبەر خۆشماندا وامان پەروەردە بکات کە پێکەنینمان بە کولتورو ئەقڵی مێژوو و ئایندەی خۆمان بێت، ئەویش دەسەڵاتی بەعسە.

(دەسەڵاتی بەعس) دەسەڵاتێکە کە هیچ پێوانەیەك نەك هەر بۆ ڕای بەرامبەر ناکات، بەڵکو هیچ پێوانەیەك بۆ گەلو نەتەوە ناکاتو هەمیشە بڕوای بە ژێردەستیو سەرکوتکردن هەیە، دەسەڵاتی بەعس "دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرە، خاوەنی بیرکردنەوەی ڕەقو تەقی خۆیەتیو قبوڵی هیچ گفتوگۆیەك ناکاتو ئەو کەسانەی کە لەسەریان پیادە دەکرێت، لەژێر زەبروزەنگی ئەو سیستەمەدا هەمیشە دەپلیشێنەوە"12 بۆیە ئەم دەسەڵاتە تاوانی جۆرێك لە بڵاوترین جۆری شێتیی لە ئەستۆدایەو گەورەترین فاکتەری شێتبوونی گەنجێکە لە ڕۆمانەکەدا، کە لە جەستەی (پیرەمێرد)ێکدا لە ناسنامەکەی دەگەین کاتێك دەڵێت: "کاتی خۆی لەم شارە دەژیامو خەڵکی ئەو گوندانەی سەرەوە بووم، لە نیوەشەوێکدا کۆمەڵێ دەمامکدار هاتن بردمیانە تاریکستانی لمو لە ئاوایی دووریان خستمەوە"13 لێرەوە ڕووبەڕووی مێژوویەك ڕامان دەگرێت کە کارەساتی سەردەستی ئەو دەسەڵاتەمان بیر دەهێنێتەوە کە (ئەنفالو جینۆسایدو... هتد)ی لە ئەستۆدایە.

(تاریکستانی لم) یا (تاریکستانی باشور) مەنفای ئەو جەستانەمان پیشان دەدات کە لە بیابانەکانی باشوری عێراقدا زیندەبەچاڵ کراون. نوسەر دەیەوێ جەستەیەك

لەو جەستانە بهێنێتو ڕوداوەكانمان بۆ بگێڕێتەوە كە خۆی تیایدا كوژراوە، دیارە ئەویش (پیرەمێرد)ە، كە "بۆتە جەستەیەكی مردو... تەنیا بە ڕوو زیندوەو ماوە، بە ڕۆح دەڕواو بە ڕۆح دەبزوێ..." 14 كاتێكیش كە بە ڕوح دەدوێ ئەو دابڕنە زمانییەمان لادروست دەبێت كە بوونی دەسەڵاتێك دەردەخات كە لەمپەرە لەبەردەم تێگەیشتنە كۆمەڵایەتیەكەیدا. دەسەڵات تەنیا بەوەندەوە ناوەستێ كە كارەساتەكانی بخولقێنێ، بەڵكو هەمیشە دەیەوێ كارەساتەكان لەبەر چاوی خەڵكدا وێنەیەك بێت بۆ ئەوانەی كە ڕۆحی یاخیبوونیان تیادایەو دەیانەوێت دەسەڵات بگۆڕن، تاوەكو لەڕێی ئەو وێنەیەوە (ترس) لە ئارادا بێت لە بەردەم هەر هەڵوێستێكی گۆڕانكاریدا، لێرەوەیە كە دەسەڵات لە هەموو شێتەكاندا دەر دەكەوێت.

دەسەڵاتی بەعس تەنیا لە ڕێگەی دامو دەزگا داپڵۆسێنەرەكانیەوە دەسەڵاتی نەبوو بەسەر لەدایكبوونی كارەساتەكاندا، بەڵكو پەنای دەبردە بەر ترسناكترین جۆری دەسەڵات كە (فۆكۆ) بە (دەسەڵاتی بایۆلۆجی) ناوی دەبات، كە لە هەموو جێگەو شوێنێكدایە "بەعس ئەم دەسەڵاتەی لە سیحراویترین شێوەدا كە ئەویش تەلەفزیۆن بوو بەكار دەهێناو ئەمەش وای لێ دەكرد لە هەموو شوێنێكدا هەبێتو، لە هەموو ماڵێكدا هەبێت"15 بۆیە ترس بە شێوەیەكی ئەفسوناوی دەگوێزرێتەوە بۆ گیانی كەسەكانو دەسەڵات لە بوونی ترسدا هەموو جێگاكان داگیر دەكات "هەر باسی ترس بوو... ترس وەكو گەلەگورگێ بێت ئاوا گەمارۆی گەڕەكو ناوشارو جادەكانی شاری داوە، چاوی بە هەر كەسێ دەكەوێ تۆقیوە. وای لێهاتووە، كە لە سێبەری خۆشیان بتۆقن"16

تەنانەت ئەم ترسە دەگوێزرێتەوە بۆ گیانی ئەمیشو بە هەمان شێوە ترس گیانی ئەمیش دەگرێتەوەو دەڵێت "ئەمڕۆ بەیانی ترس هاتە وێزەی منیش، وەك تارمایی هاتە دوامو خۆی نیشاندام خەریك بوو بخنكێم"17 وەك تۆڕێك ئەنجامی داوە، شێتی وەك دواین قۆناغی تەقینەوە لە شێوەیەكی بەرفراواندا هاتە كایەوە، كە تاكو ئێستاش پاشماوەكانیان دەبینرێت لە كوچەو كۆڵانو شەقامەكاندا.

(پیرەمێرد)ی ناو ڕۆمانەكەی سەلاح یەكێكە لەو جەستانە، بەڵام (شێت)ێك هەمیشە خۆیەتیو دەسەڵات ناتوانێ بیگۆڕێت "كە من من بم، هیچ شتێ ناتوانێ بمگۆڕێ، هیچ كەسێ ناتوانێ بمكاتە یەكێكی دی"18 واتا نمونەی گیانێكە دەیەوێت ماناكانی سەرچاوە بدۆزێتەوە، دەیەوێ لە مێژووی كارەساتەكانو خۆشینەبینو مانایەكی تریش بدرێتە (شێتی)، دەیەوێ بگەڕێین بە دوای ئەو فاكتەرانەی كە دەبنە شێتی، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵات بە شێوەیەك لە شێوەكانی تر خۆی لە جەستەی تاكەكاندا چاندوە، هەوڵی پیرەمێرد بە ئاكام ناگاتو ناتوانێ ماناكانی لای خۆی بگەیەنێتە كۆمەڵ، یاخود ماناكانی كۆمەڵ لەسەر شێتی گۆڕانكاریی بەسەردا بهێنێ، واتە دەسەڵات جگە لە چاندنی ترس لە جەستەی تاكەكاندا، دەبێتە لەمپەرێ لەبەردەم تێگەیشتنی نێوان خەڵكو پیرەمێرددا، چونكە وشەی شێتی دەدرێتە پاڵ. واتە پیرەمێرد بە شێت لای خەڵك قبوڵ دەكات (ئەو شێتەی كە بە كەمئەقڵو نەفامی دەردەربڕێ) بۆیە تێگەیشتن لە نێوان (پیرەمێردو خەڵك)دا نایەتە كایەوەو هەرەس دێنێ تا لە بەشی (15)هەمینی ڕۆمانەكەدا (پیرەمێرد)ەكە گفتوگۆكان دەگوێزێتەوە بۆ هاوڕازێكی خۆی كە ئەویش (دڵپاك)ی هەمان ئەو بەرهەمهێنانەیە كە دەسەڵاتی بەعس بەرهەمی هێناوە، هەروەها دەسەڵاتی بەعس پڕۆژە فیكریو سیاسییەكانی لە بەرنامەدانانی (ئەنفالو كارەساتەكان) لەو جێگایانەوە دەستی پێكرد كە بە چاوگی مەترسییەكانی دەزانی، ئەو جێگایانەش لادێكان بوون، هەموو پەیوەندییە كۆمەڵایەتیو سیاسییەكانی لە هەناوی شاردا توانەوە، دیارە ئەمەش لە ڕێگەی كۆچكردنی لادێنشینەكان بۆ شار بەڕێ چوە.

پیرەمێرد دەڵێت: "گوندەكەمان تێك چو، هاتینە شارو لێرە گیرساینەوە، ئەوكات من منداڵ بوومو بیرم

نایێ چ ساڵێ بوو، لە گوند هەڵکەنراین‌و هەر هێندەم لەبیرە لە ڕۆژێکی پایزدا باوکم ئێمەی بەرەو شار هێنا"19 دەسەڵاتی بەعس بۆ پیشاندانی وێنەی کارەساتەکان ڕێگەی لەو گوندنشینانە نەگرت کە بەردەستی نەکەوتبوون لە لادێکانداو لە شارەکاندا ئازادی کردن، تا وەك وێنەیەك بۆ هەڕەشەکردن لە شارنشینەکان دایان بنێ، واتا بە تێکچوون‌و کاولکردنی لادێکان، شاریش لەبەردەم هەمان ئاوێنەدا بەپێوە وەستابوو. بە کاولکردنی لادێکان باوکێکی وەك (یوسفی قەساب) (مەبەست لە باوکی پیرەمێرد) کە لە لادێکاندا خاوەنی بەهاکانی خۆی بوە، لە شاردا دەکەوێتە بەردەمی تارمایی دەسەڵاتێك کە شێتی بۆ نەوەکانی بڕەخسێنێ، لەلایەکی ترەوە "دڵپاك، کە دەمێ ساڵ بوو هاتبووە ناو شار"20 وێنەیەکی لەپێشتری (پیرەمێردە) بۆ هەوڵە یاخیبووەکانی (شارنشین) بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەعس.

بەمجۆرە دەبینین لەگەڵ تێکدانی سیستەمی شاردا، کە بە جۆرێك ئاڵۆزکاندنی‌و پەیوەندییەکانی چڕکردوە، نمونەی لەبەردەم قوت کردنەوە، وەك ئەوە وابوو کە گوندەکانی بە سزا گەیاندبێ‌و شارەکانی کۆنترۆڵ کردبێ، چونکە "گواستنەوەی سزا لە سزای ئاشکراوە بۆ نهێنی، لە سزای جەستەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆی سیستەمی سایکۆلۆژی‌و ڕۆحی ئینسان.... لە سزای تاکەکانەوە بۆ سزای بەگشتی کراوە، هەموو ئەم پرۆسانە هاوکات‌و هاوزەمانی لەدایکبوونی تاکەکەسن"21

بەم شێوەیە شێتی دابەشبوونێك بەسەر لادێ‌و شاردا دابەش دەبێت، کە هەر کامیان بەشدارن لە سڕینەوەی ناسنامەی یەکتریداو هاوبەشن لەوەی دەسەڵات لەناویاندا خۆی دەنوسێتەوە، ئەگەر لادێکان ئەو جێگایانە بن (شێتی)ی تیا بەرهەمهێنرابێت، ئەوا شارەکان بە دیوی دوەمیدا نائەقڵانییەك بەرهەم دەهێنێت، کە ناتوانن لەوە بگەن کە ئایا ئەو پێکەنینەیان لەکوێوە هاتووە کاتێك بە شێتێك پێدەکەنن؟ چونکە کاتێك شار ئاگای لەو پەیوەندییانەی خۆی نامێنێ کە لەگەڵ لادێکاندا هەیبووەو ئێستا پەستێنراوە لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوە لەوپەڕی بێئاگایی‌و شێتبوونی گشتی دانەکانی خۆیدایەتی! چونکە لەڕاستیدا "ئەو شێتەی لەناو جادەدا لێی ڕاکشاوە، بیر لە شێتیی ئەو خەڵکە دەکاتەوە، کە خۆیان بە ئاقڵ دەزانن"22 خەڵکی شار تا گوێ بۆ خۆیان‌و پرسیارەکان نەگرن بەردەوام "کائینێکن نوقمن لەناو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتدا"23 چونکە دەسەڵات ماناکانی لە (شێت)ەوە بۆ نەزان‌و ناهۆشمەند گواستۆتەوە، هەربۆیە خەڵکی شار ناتوانێت لە مانای ڕاستەقینەی (شێت) بگات‌و جۆرو فاکتەرەکانی جیا بکاتەوە.

**شێتی لە نێوان (ئەفسانەو عەشق)دا**

کاتێك دەمانەوێت لە (ئەفسانە) بدوێین‌و پەیوەندیی ئەم چەمکە (ئەفسانە) لەگەڵ (شێتی‌و عەشق)دا بە جۆرێکی وەها بخەینە ڕوو، کە لەگەڵ ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەدا بێتەوە، سەرەتا دەبێت تێگەیشتنی (ئەفسانە) بەو جۆرە نەبێت لامان کە لەگەڵ تێڕوانینێکی خەیاڵیی ڕەهادا ببینینەوە، واتە ئەفسانە ئەو چەمکە نییە کە دابڕاو بێت لە دنیاو بچێتە ناو چەمکەکانی (میتافیزیك)ەوە بەڵکو یەکێك لە پێگەکانی ئەم چەمکە بریتیە لەوەی کە ئاسانکاری بداتە دەست لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی دنیاییەوە.

(ئەفلاتۆن) لە کۆمارەکەیدا سوودی لە (ئەفسانە) وەرگرت، کاتێك کە پاڵەوانەکانی خۆی (دەوڵەتەکەی) لەسەر بینا کرد، چونکە دروستکردنی کەسانێکی وا کە ئەفلاتۆن ئاواتی بۆ دەخواست لە کەسایەتیی واقعیی دەوروبەرەکەیدا نەبوو، واتا "(ئەفسانە)ی ئەفلاتۆن بۆ دروستکردنی تاکەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بوون"24، نەك شێوەیەك بێت لە کەسایەتیی ئەفسانەیی ڕووت کە هەرگیز وێنەی ڕاستەقینەی لەبەردەم دانانرێ.

(سەلاح عومەر) بە هەمان دیدگای (ئەفلاتۆن)ەوە، کەسایەتیی (پیرەمێرد)ەکەی بینا کردوە، بەڵام ئەم کەسێتییە لەوەوە نەهاتوە کە پێویستییەکی دەگمەنی

ئەو وێنەیە بێت لە دەوروبەرەکەیدا، بەڵکو دروستکردنی ئەمجۆرە کەسێتییە لە بوونێکی ڕاستەقینەی خۆیەوەیە لە مێژوودا، تاکە پێویستییەکی دروستکردنی لەمجۆرە کەسێتییە لەوەوەیە کە دوو سەردەمی جیاواز لەڕووی کاتەوە لەگەڵیدا کاردەکات، چونکە تێپەڕبوونی کات وای کردووە کە ئەمجۆرە کەسێتییە نەبێت کە بە جۆرێك وردبین‌و بەئاگابین‌و بەئاگاییانە ورد بینەوە، کەسێتیی ئاسایی نەتوانێت ئەو مانایانە بگەڕێنێتەوە کە ڕێچکەی خۆیان ون کردوە.

دروستکردنی کەسێتیی ئەفسانەیی (پیرەمێرد) وای کردوە، کە نهێنییەکانمان بە ئاشکرا لێوە دیار بێت‌و لەو دەسەڵاتە تۆقێنەرە تێبگەین کە پێشتر بە دەسەڵاتی بایۆلۆجیای بەعس ناومان هێنابوو. (پیرەمێرد) لەڕێگەی نەستی خۆیەوە، هەروەك (فرۆید) باوەڕی وابوو کە "ئەفسانە هەڵچوونی نەستە"25 دەیەوێت ئەو پەیامەی کە پێیەتی بیگەیەنێتە ئێمە، ئێمەش لەبەردەم وەرگرتنی ئەو پەیامەداو لە ئەنجامی (دەسەڵاتی بایۆلۆجی)ی بەعسەوە ناتوانین تێگەیشتنمان وەکو پێویستی پەیامەکە بێت، کە لێرەوەیە (شێتی) لەگەڵ (ئەفسانە)دا دەکەوێتە ناو چوارچێوەیەکی زمانییەوە. (پیرەمێرد+ ئەفسانە+ شێتی) وەك دەلالەتێك دێت‌و ئەو ڕاستیانەمان بیر دێنێتەوە کە بیرمان چوونەتەوە یان لە بیریان بردوینەوە، دەلالەتێکی زمانی لە "دەلالەتە سایکۆلۆژیانەی کە پەیوەندییەکی بە ژیانی ڕابردومانەوە هەیە، وەك چۆن لە دەقێکی ئەدەبیدا کۆمەڵێ ڕەمزو ئیشارەت هەیە کە نیشانەن بۆ چەند شتێك"26.

ئا بەمجۆرەش دەلالەتی زمانی (پیرەمێرد) لەگەڵ (ئەفسانەو شێت)دا یەك دەگرنەوەو ئاماژە ئەدەن بە ڕۆژگاری کارەساتی ئەنفال‌و هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی ئێمە لەبەردەم خوێندنەوەیەکی تازە بۆ ئەو کارەساتە. ئەفسانەی کەسێتیی (پیرەمێرد) عاقڵترین کەسایەتییە کە دەیەوێت ئامۆژگاریی دوای مردنی خۆی بکات‌و وەك شایەتێکی ئەو ڕۆژگارە بەرامبەر بە ئێمە قسە بکات، هەروەك (شتراوس) لە پێناسەی ئەفسانەدا دەڵێت: "پێویستە ئەفسانە وەك چیرۆکی بێ سەرو بن تەماشا نەکەین، بەڵکو ئەفسانە لەگەڵ ئەقڵماندا دەژی"27. (پیرەمێرد) هەڵگری جۆرێك لە گوتاری مێژوو و ئایندەمانە، (مێژوو) بەو مانایەی کە (پیرەمێرد) تیایدا منداڵ بوەو خۆی جەستەیەکی ڕاستەقینەی ئەو کاتەیەو (ئایندەش) بەو مانایەی کە ڕۆحی لە شێوەی ئەفسانە لەگەڵماندایەو دەیەوێت ئەو ڕۆژگارەمان بە نەمری لەگەڵدا ئاوێتە بکات، تا ئەوەندەی (پیرەمێرد) لەناو مێژوودا دەژی نەمرێکی واقیعەو وەك هەر کەسێکی تر مافەکانی هەر مرۆڤێکی پێ دەبڕێ.

(عەشق) یەکێکە لەو مافانەی کە سروشتی هەر کەسێك تیایدا هاوبەشەو (پیرەمێرد)یش لە مێژووی خۆیدا لەگەڵیدا ژیاوە، کاتێکیش لە گەڕانەوەی خۆیدا بۆ شار دەکەوێتە یادکردنەوەو گەڕان بەدوای کۆڵان‌و هەموو ئەو حاڵەتە سروشتییانەی کە تیایدا ژیاوە (عەشق) ئامادەیی خۆی دوبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەم یادگاری‌و بیرەوەرییە گەورەتر دەکات‌و دەیبزوێنێ بوونی (دڵپاك)ە.

(دڵپاك) لە گەلێك ڕوانگەوە لەگەڵ (پیرەمێرد)دا لەیەك چوون، دوو جەستەی غەدر لێکراو، بەتەمەن، شێت،.... هتد، بەڵام ئەوەی کە زیاتر ئەم دوو جەستەیە بە یەکەوە گرێدەدات ئەفسانەیە. (پیرەمێردو دڵپاك) دوو مرۆڤی دوای کارەساتەکەن، دوو کەسێتیی ئەفسانەیی، پیرەمێرد "دەنوکی خستە سەر جامەکەو کەوتە لێستنەوەی.... بەڵام دواجار کە مەخلوقەکەی بینی (ئەو)..... دەنگی مرۆڤی ئاسایی بوو، کەچی شێوەو ڕوخساری هی کۆترێ بوو"28

(دڵپاك)یش "هەر لە ئەزەلەوە بوونەوەرێکی پتەو و توندوتۆڵەو لە سەفەرە دوورە ئەفسانەییەکان گەڕاوەتەوە"29. ئەگەر هۆکارێکی ئەو نزیکایەتییەی نێوان (دڵپاك‌و پیرەمێرد) لەوەوە هاتبێ کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە ئەفسانەوە سەرچاوەیان گرتوە، ئەوا تێگەیشتن لە زمانی یەکتری (زمانی شێت) یەکێکی ترە لە ئاگاداربوون لە دیالۆگی نێوانیان و ئەوەشی کە ئەم دیالۆگە بەڕێوە دەبات‌و داینەمۆی بزواندنێتی کردەی (عەشق)ی نێوانیانە، ئەو پەیوەندییەیە کە هەردوو لا لە خۆزگەیاندایە بۆ عەشق.

(شێتی) وەك ناوەندێك لەنێوان ئەفسانەو عەشقدا کاردەکاتو لەڕێگەی زمانەکەی خۆیەوە (زمانی شێت) پەیوەندی (عەشق) دادەمەزرێ (ئەفسانە) کاری لەوەدا هەیە کە پیرەمێردی گەڕاندۆتەوە بۆ سەر زەویو لە ڕێگەی (شێتیو زمانی شێتی)یەوە پەیوەندیی لەگەڵ (دڵپاك)دا دامەزراندوە، پەیوەندییەك کە دەیەوێت مافەکانی تیادا بتوێتەوەو جارێکی تر دنیایەکی نوێ دروست بکەنەوە وەك بیانەوێت بڵێن ئەو مێژووە لە ئێمە نییەو لە خۆیانی دابڕن، بەڵام ئەم خەونە ئەفسانەییان لێ هەڵنایەتو وەك ونبوونی ئەفسانە خۆی (عەشق)یان لێ وندەبێت، چونکە تەمەنیان لە مێژوویەکی واقیعدا بەسەربردووەو ئەم مانایە بۆ پیرەمێرد لە یادگارییەك بەولاوە هیچی تر ناگەیەنێت، چونکە وەك وترا ئەمان لە واقیعدا دوو جەستەی دابڕاوی دوو زەمەنی جیاوازن، زەمەنێك کە بە دەیان ساڵە (پیرەمێرد)ی بەجێ هێشتوەو (دڵپاك)یش لە گەرمەی لەدەستدانیدا (کە دوای مردنی کوڕەکانێتی) (عەشق)ی مردو بە مردنی (عەشق)یش خۆی مرد.

ئەوەی کە لێرەدا جێگەی سەرنجە (شێتی)یە، کە وەکو ناساندنێکی نێوان دوو زەمەنی جیاواز دەیەوێت دنیایەك




لەنێوان (مێژوو) و (ئاینده)دا لەڕێگەی عەشقەوە دابمەزرێنێ، بەڵام چونکە زەمەنو زەوی بۆ ئەمان شتێکی لەدەستچووە، ئەم پرۆژەیە بەجێدەهێڵێت بۆ زەمەنی (ئێستا)و لەگەڵ پەیامەکەی خۆیدا –واتە پەیامی شێتبوونی پیرەمێرد– کە دەیەوێ مێژوو لەیاد نەکەینو دنیایەکی نوێترو بەئەزموونتر دابمەزرێنێ لە خۆشەویستیی یەکتردا، خۆشەویستییەك کە شێتی پێکی نەهێنابێو هۆکارێك نەبووبێ بۆ ناچاربوونی (عەشق) بەیەکتری، وەك لای (پیرەمێردی دڵپاك) دەردەکەوێت.

ئەگەرچی (پیرەمێرد) وەك "گوێ بۆ مۆسیقایەکی زۆر ئاشنا بە ڕۆحی بگرێ، وا دەکەوتە جیهانێکی لەگەڵ فریشتەو پەریزادان ڕازو نیازی دەگۆڕییەوە"30 و "دڵپاك"یش "ئاسودەیی باڵی بەسەردا کێشا، ئەو بوو بە چەپەرێك بۆ پارێزگاریکردن لە بوونو مانەوەی"31. بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵ لەو پەیامە ناگات کە (پیرەمێرد+ ئەفسانە+ شێت+ عەشق) هەڵگریەتیو دەیەوێ بەشێك لە خۆمانمان بیر بخاتەوە، (شێتی)ی ڕاستەقینەیی دێتەکایەوە کە ئەوانەن لە مێژووی خۆیان تێناگەن واتە ئەوانەی کە لەخۆیان تێناگەنو نایانەوێ (عەشق) لەدەرەوەی بەپەیوەندیکردنی (شێتی)یەوە سەرچاوە بگرێ، بۆیە دەکەونە دژایەتیکردنو لەناوبردنی کەسایەتیو مرۆڤایەتیی خۆیان، هەروەك (باسکال) دەڵێت: "مرۆڤەکان ئەوەندە شێتن کە خۆی شێتییە ئەگەر شێتەکان قبووڵ نەکەین"32

بە مردنی (عەشق)یش خۆی مرد. بە مانایەکی تر (ئەفسانە)بوونی کەسێتی لە (تاریکستانی لم)دا، لەوەوە هاتووە، کە توانای گێڕانەوەو پەڕینەوەی شوێنو کات، لە لای (پیرەمێرد) بەرفراوان بێتو لە توانایدا هەبێت لە هەموو جێگایەکدا بدوێت، ئەگەر نا ئەم مانایە (بەئەفسانەکردنی کەسێتی) لە ئێستادا بۆ ئێمە کارێکە کە تیایدا سوودمەند نابینو هەمان چارەنووسی (پیرەمێردو دڵپاك)مان دەبێت. بگرە ئەم مانایە دەیەوێت پێمان بڵێت گەر من (شێتی) نێوەندو هۆکاری پەیوەندیکردنم بێت بە (عەشق)ەوە ئەوا تۆ –واتە ئێمە– خۆمان نێوەندی یەکترینو هەمیشە لە زەمەنی ئامادەبوونی خۆماندایینو دەتوانین چارەنووسی خۆمان دیاری

بکەین. بە تێگەیشتن لە زمانی (شێت)33 تێگەیشتنمان بۆ هەموو چەمکەکانی تر فراوان دەبێتو هەر لەوێوە دەتوانین مانا شاراوەکانی (ئەفسانەو عەشق) بدۆزینەوە، هەروەکو فۆکۆ دەڵێت: "زمان لەو جێگەیەدا بەکار دێت کە تەفسیرێك لەگۆڕێدا بێت، واتە مانا شاراوەکانی هەر گوتارێك ئاشکرا بکات"34.

ئەوەی زمانی (شێت) دەیەوێت ئاشکرای بکات لە ڕۆمانەکەدا کارەساتی ئەنفالەو ئەوەی زمانی (ئاقڵ)ەکان دەیەوێ ئاشکرای بکات (شێت)بوونی خۆیانە.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


1. گۆڤاری کاروان، چاوپێکەوتن لەگەڵ (سەلاح عومەر)دا، ئامادەکردنی: کاروان عەبدوڵلا، ژمارە 114، ساڵی 1997، ل28.

2. هەمان سەرچاوە، ل29.

3. دیکارت (1596ـــ 1650) یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کە چەمکی شێتی بە (دژە ئاقڵ) ناودەهێنێو هەموو جۆرەکانی تری شێتی دەکاتە دەرەوەی ئەقڵ، کاتێ کە دەڵێ: "چۆن دەتوانم ئینکاریی ئەوە بکەم کە ئەم جەستە هی منە... مەگەر شێت بم".

4. قامووسی دەروونناسی، د. عبدالستار گاهر شریف ـ چاپخانەی علاو، چاپی یەکەم ساڵی 1985ـ ل57.

5. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ( Insanity – dementia – mania – crazy megaiomania –mythomonia) لەیەکتر جیاکراونەتەوە وەك لە (قامووسی دەروونناسی– د. عبدالستار گاهر شریف)دا ڕونکراوەتەوە لە لاپەڕەکانی (51ـ 57ـ 92ـ 132ـ 126ـ 135ـ 178).

6. گەلاوێژی نوێ ـ سالار یاسین (شێتی لە ڕوانگەی میشێل فۆکۆو شێتی لەلای کورد) ژمارە ـ 3ـ ساڵی 1997ـ ل170.

7. گۆڤاری کاروان، ژمارە 114، ل29.

8. ڕۆمانی تاریکستانی لم ، سەلاح عومەر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، 1997، ل3.

9. سەرچاوەی پێشوو، ل4.

10. سەرچاوەی پێشوو، ل5.

11. تاریکستانی لم، سەلاح عومەر، ل167.

12. گۆڤاری گوتار، لێکۆڵینەوە لە چیرۆکی (تەمەن لە ژوورە سپییەکاندا)، ڕێبوار حەمە ڕەحیم، ژمارە 7–8، ساڵی 1999، ل117.

13. تاریکستانی لم، ل8.

14. هەمان سەرچاوە، ل32.

15. سیمینارێکی بەختیار عەلی (لە ئەنفالەوە بۆ کۆچ)، هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی، 1998/10/8.

16. تاریکستانی لم، ل69.

17. هەمان سەرچاوە، ل69.

18. هەمان سەرچاوە، ل78.

19. هەمان سەرچاوە، ل63.

20. هەمان سەرچاوە، 130.

21. گۆڤاری دەروازە، فایلی فۆکۆ، ژمارەی 2، ساڵی 1994، ل82.

22. تاریکستانی لم، ل81.

23. سیمینارێکی مەریوان وریا قانع، (ئەنفال ڕوداوێك لەدوامانەوە یان ئەگەرێك لە پێشمانەوە) هۆڵی هونەرەجوانەکان، 1999/1/28.

24. الأسطورة، ك، ك، راثفين، ترجمة (جعفر صادق الخليلي)، سلسلة زدني علماً، الطبعة الأولى، بيروت، عدد (102)، 1981، ص19.

25. الأسطورة، ل35.

26. گۆڤاری کاروان، ژمارە (114)، ل32.

27. پاشکۆی ئەدەبو هونەری ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ڕەهەندی میتۆلۆژیاو ئەگەرەکان لە (مەرگی تاقانەی دووەم)دای بەختیار علی، علی زەڵمی ژمارە (182)، ساڵی 1998.

28. تاریکستانی لم، صلاح عمر، ل22ـ23.

29. سەرچاوەی پێشوو، ل143.

30. تاریکستانی لم، صلاح عمر، ل114.

31. سەرچاوەی پێشوو، ل148.

32. گۆڤاری سەردەم، زانینو دەسەلات، بابەکی احمدی، وەرگێڕانی (ڕێبین هەردی)، چاپی دەزگای سەردەم ـ ژمارە (2) ساڵی 1999، ل29.

33. زمانی (شێت) لێرەدا چەمکێکی تایبەتە بە حاڵەتی (شێتی) ناو ڕۆمانەکە نەك هەموو شێتێك.

34. گۆڤاری سەردەم، ژمارە (2)، ل29.